بسم الله الرحمن الرحيم

# وەقایعی کوردستان


رۆژنامەی رەسمیی حکومەتی هەرێمی کوردستانە / وەزارەتی داد دەری دەکات

ژمارە (٦٣) سالی شەشەم ٢٠٠٧/١/٢١ ز (١) ی سەرماوەرز ٢٧٠٦ ی کوردی (٣)ی ذي القعدة ١٤٢٧ ی کۆچی


## لەم ژمارەیەدا :

63


* یاسای ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٠٦: یاسای وەزارەتی کارەبا ل١
* یاسای ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٠٦: یاسای وەزارەتی پلان دانان ل٧
* یاسای ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٠٦: یاسای وەزارەتی شەهید و ئەنفال کراوان ل١٤
* یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٠٦: یاسای وەزارەتی دەرامەتە ئاوییەکان ل٢٢
* فەرمانی وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆی ساڵی ٢٠٠٦ : ل٢٨
  پچرانی ناحیەی شەمامك لە قەزای خەبات و بەستنەوەی بە قەزای ناوەندی هەولێر
* فەرمانی وەزارەتی کشتوکاڵ: ل٣٠
  درێژکردنەوەی ماوەی کارکردن بە بڕیاری ژمارە( ٦١١ )ساڵی ١٩٧٧ بۆماوەی ساڵێك
* بەیانی وەزارەتی شارەوانی: ل٣١
  کردنەوەی شارەوانی (ئیسیوە) سەربە ناحیەی پشدەر
* ڕێنماییەکانی دامەزراندنی کۆمپانیا: ل٣٢



www.dad4kurdistan.com
e.mail: waqaea@yahoo.com

ناونیشان: هەولێر باڵەخانەی وەزارەتی داد

بەڕێوەبەرایەتی ( ٢٢٤٥٥٠٦ _ ٢٢٤٥٥٠٧ _ ٢٢٤٥٥٠٨ )

بسم الله الرحمن الرحيم

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لحكومة أقليم كوردستان العراق – تصدرها وزارة العدل

العدد (٦٣) | السنة السادسة | ٢١/١/ ٢٠٠٧م | (١) سەرماوەرز ٢٧٠٦ ك | (٣) ذي قعدة ١٤٢٧ هـ

## في هذا العدد:


✵ قانون رقم (٥) لسنة ٢٠٠٦ (قانون وزارة الهكرباء) ص٣٥

✵ قانون رقم (٧) لسنة ٢٠٠٦ (قانون وزارةالتخطيط) ص٤٠

✵ قانون رقم (٨) لسنة ٢٠٠٦ (قانون وزارة شؤون الشهداء و المؤنفلين) ص٤٥

✵ قانون رقم (٩) لسنة ٢٠٠٦ (قانون وزارة الموارد المائية) ص٥٣


www.dad٤kurdistan.com
e.mail:waqaea@yahoo.com

بدالــة (٢٢٤٥٥٠٦ _ ٢٢٤٥٥٠٧ _ ٢٢٤٥٥٠٨ )

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق**

پشت بەو یاسایەی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان– عیراق داینـاوەو بـەپێی حـوکمی مـادە دە/یەکەم لە یاسای ژمارە(١)ی ساڵی ٢٠٠٥، یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان– عیراق، ئەم یاسایەمان دەرچواند:

# یاسای ژمارە (٥)ی ساڵی/٢٠٠٦
# یاسای وەزارەتی کارەبای هەرێمی کوردستان ـ عیراق

**ماددەی یەکەم**:

مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە، ماناکانی بەرامبەریانە:

**یەکەم: هەرێم**: هەرێمی کوردستان ـ عیراق.

**دووەم: وەزارەت**: وەزارەتی کارەبای هەرێم.

**سێیەم: وەزیر**: وەزیری کارەبای هەرێم.

**چوارەم: بریکار**: بریکاری وەزارەتی کارەبای هەرێم.

**پێنجەم: ئەنجومەن**: ئەنجومەنی راوێژکاریی وەزارەتەکە.

## ئەرك و فرمانی وەزارەتەکە

**ماددەی دووەم**:

وەزارەت، ئەم ئەرك وفرمانانەی خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ:

**یەکەم**: بەرهەم هێنان و و زامنکردن و دابەشکردنی وزەی کارەبا.

**دووەم**:بەگەڕخستن وچاکردنەوەی بەردەوامی بنکەکانی بەرهەمهێنانی کارەباو، تۆڕەکانی گەیاندن و دابەشکردنی.

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**سـێیەم:** بەشـداری كـردن لــە بـەهێز كردنـی ئـابووریی نیـشتمانیدا لــە بـواری بەرهــەمهێنانی ووزە وگواســتنەوەی وگەیانــدن بــە بەشــدارانی بەگــشت توێژەكانیەوەو كۆنترۆڵ كردنی تۆڕی كارەباو كۆكردنـەوەی كرێكـانی و بەرزكردنەوەی ئاسـتی ئەنجامـدانی كـار، بـە مەبەسـتی پەلـە لێكـردن لـە پێشخستنی ئابووری و كۆمەڵایەتی و رۆشنبیری لە هەموو لایەكی هەرێمدا لــە رێگــەی دامەزرانــدنی ویــستگەی بەرهــەمهێنی نــوێ وپێــشكەوتوو بۆدابینكردنی پێداویستی كارەبا بۆ هەنووكە وئاینده جگە لــە دامەزرانـدن وفراوانكردنی تۆڕی گواستنەوەو دابەشكردنی كارەبا ، بۆ ئەوەی لـەگـەڵ پێداویستی زیادبوونی بارگەكان (الاحمال)و، بەرزكردنەوەی پلەی دڵنیاییدا بگونجێ و، گەیاندنی تەزووی كارەبـا بـۆ بەشـداران ، بـەپێی ئاكارەكـانی پێوانەیی داواكراو.

**چــوارەم:** ئامــادەكردنی پلانــی ســاڵانەو دوورخایــەن بــۆ كــەرتی كارەبــاو، سەرپەرشــتیكردنی جێبــە جێكردنــی پلانــە بریــار لەســەردراوەكان و، هەڵسەنگاندنی ئەنجامی جێبە جێكردنە كە.

**پێنجەم:** ئامادەكردنی لێتۆژینەوەی كەڵكی هونەری و ئابووری لەسـەر پرۆژەكـانی وەزارەت و، پێــشنیازی تۆماركردنیــان لــە نێـو پلانــەكانی وەزارەتــدا و، جێبەجێكردنی پرۆژە بریار لەسـەر دراوەكـان و رەچـاوكردنی سـەلامەتیی ژینگە.

**شەشەم:** كۆشش بۆ وەكێشكردنی سەرمایەو، هاندانی وەبەرهێنانی نیـشتمانی و بیـانی لەو كەرتانەدا كە پێوەندییان بە ئیشوكاری وەزارەتەكەوە هەیە.

**حەوتەم:** هەماهەنگی وتەواوكاری (التكامل) لەگەڵ وەزارەتەكانی فیدراڵدا.

ئــــــەرشيفی رۆژنامەی وەقايعی كـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

# پێکهاتەکانی وەزارەت

**ماددەی سێیەم:**

**یەکەم:** وەزارەت لـەم پێکهاتانەی خوارەوە پێك دێت:

١- **وەزیر** : سەرۆکی باڵاو بەرپرسی ئیش و کاروئاڕاستەکردنی سیاسەتی وەزارەتەکەیەو سەرپەرشتی و چاودێریان دەکا، هەموو بڕیارو فەرمان و ڕێنماییـەکیش کـە پێوەنـدیی بەئەرکوفرمان وپێکهاتەو دەسەڵات وکاروباری دیکەی هونەری و دارایـی وئیـداری ورێکخستنی وەزارەتەکـەوە هـەبێ، بـەپێی حوکمـەکانی ئـەم یاسـایە لـە وەزیـرەوە دەردەچن وخۆی سەرپەرشتیی جێبەجێکردنیان دەکـات و بەرپرسیـشە لـە بـەردەمی ئەنجومەنی وەزیراندا چونکە خۆی ئەندامێکی هاوکاری ئەنجومەنەکەیـەو، بـۆی هەیـە هەندێ لە دەسەڵاتەکانی خۆی بە بریکاری وەزاەتەکە، یان بە بەڕێوبەرە گـشتییەکان یان بە هەر فرمانبەرێکی وەزارەتەکە، کە خۆی بەباشی بزانیٚ، بسپێرێ.

٢- **بریکـاری وەزارەت:** لـە چوارچـێوەی ئەودەسـەڵاتەی کـە وەزیـر پێـی دەسـپێرێ، یاریـــدەی وەزیـــر دەدات لــــە ئاڕاســـتەکردن و سەرپەرشـــتیکردنی کاروبــــاری وەزارەتدا.مەرجیشە بڕوانامەی زانکۆی تایبەتمەندی هەبێ.

٣- **نووسـینگەی وەزیـر:** فرمانبــەرێ بەپلــەی بەڕێوەبەر،بــەڕێوەی دەبـا ،کەبڕوانامــەی زانکۆی هەبێ و ژمارەیێ فرمانبەریش یاریدەی دەدەن.

٤- **نووسینگەی بریکاری وەزارەت:** فرمانبەرێ بە پلـەی بەڕێوەبـەر بـەڕێوەی دەبا،کـە بڕوانامەی زانکۆی هەبێ. ژمارەیێ فرمانبەریش یاریدەی دەدەن.

٥- **ڕاوێژکاران:** لە چوارکەس زیاتر نابن.مەرجیشە بڕوانامەی زانکۆیان هەبێ و خـاوەن ئەزموون و کارامە بن.

٦- **بـەڕێوەبەرایـەتی گـشتیی کاروبـاری ئیـداری و دارایـی:** بەڕێوەبــەرێکی گــشتی سەرۆکایەتیی دەکا،کە بڕوانامەی زانکۆی هەبێ و، خاوەن ئەزموون وپسپۆربێ.

٧- **بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پلاندانان و جێبەجێکردنی پرۆژەکانی کارەبا:** بەڕێوەبـەرێکی گـشی سـەرۆکایەتیی دەکا،کـە بڕوانامـەی زانکـۆی هـەبێ و ،خـاوەن ئـەزموون و پسپۆربێت.

٨- **بەڕێوەبەرایــەتی گــشتیی بەرهــەمهێنانی وزەی کارەبــا:** بەڕێوەبــەرێکی گــشتی سەرۆکایەتیی دەکا،بڕوانامەی زانکـۆی هـەبێ و ، خـاوەن ئـەزموون و پـسپۆریش بێت.

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**٩– بەڕێوەبەرایـــەتی گـــشتیی گواســـتنەوەی وزەی کارەبـــا:** بەڕێوەبـــەرێکی گـــشتی سەرۆکایەتیی دەکا، بڕوانامەی زانکۆی هەبیّ و ،خاوەن ئەزموون و پسپۆربێت.

**١٠– بەڕێوەبەرایـــەتی گـــشتیی دابەشـــکردنی وزەی کارەبـــا:** بەڕێوەبـــەرێکی گـــشتی سەرۆکایەتیی دەکا، بڕوانامەی زانکۆی هەبیّ و ،خاوەن ئەزموون و پسپۆربێت.

**١١– بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کۆنترۆڵ و پێوەندیکردن:** بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتیی دەکا، بڕوانامەی زانکۆی هەبیّ و ،خاوەن ئەزموون و پسپۆڕبێت.

**دووەم:** لە هەر پارێزگاییّ، لە پارێزگاکانی هەرێمدا، بەڕێوەبەرایەتییـەکی گـشتی کارەبـا پێـك دەهێنریّ، فرمانبەریّ سەرۆکایەتی دەکاو بەڕێوەی دەبا،کە بڕوانامەی زانکۆی هەبیّ و خاوەن ئەزموون و پسپۆڕبێت.

**ماددەی چوارەم:**

**یەکەم :** ئەنجومەنی راوێژکاری وەزارەت پێك دێت لە:

١– **وەزیر:** سەرۆکە.

٢– **بریکاری وەزارەت:** جێگری سەرۆکە.

٣– **نوێنەری وەزارەتی دەرامەتە سروشتیەکان ـ** ئەندامە ـ بەمەرجیّ پلەی لـە پلـەی بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبیّ

٤– **نوێنەری وەزارەتی ژینگە** ئەندامە ـ بەمەرجیّ پلەی لە پلەی بەڕێوەبـەری گـشتی کەمترنەبیّ

٥– **راوێژکاران**، بەمەرجیّ لە سیّ کەس زیاتر نەبن –ئەندامن.

٦– **بەڕێوەبەرە گشتییەکانی وەزارەتەکە**– ئەندامن.

٧– **هەر شارەزایەکی پسپۆڕ**،کە وەزیر ، لە ناو وەزارەت یان لە دەرەوەی وەزارەتەوە دەستنیشانی بکات – ئەندامە

**دووەم:**ئەنجومەن، دەربارەی ئەم کاروبارانەی خوارەوە (ڕاوێژ) پێشکەش دەکا:

١–ڕێکخستنی سیاسەتی بەرهەمهێنان و گواستنەوەو دابەشکردنی وزەی کارەبا ودانانی پلانە ستراتیجیەکان.

٢– ڕێکخستنی وەبەرهێنان لە بواری کارەبادا.

ئـــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

٣- لەسـەر پێـشنيازى وەزيروبـەبڕيارى ئەنجومـەنى راوێـژكاريى وەزارەت،كريـێ كارەبـا ديارده‌كرێ، بەمەرجێ ئەنجومەنى وەزيران پەسەندى بكات.

**ماددەى پێنجەم** :

**يەكەم:** ئەركوفرمان و ئيشى تايبەتى پێكهاتەكانى وەزارەتەكە،بە پەيرەوێك ديارده‌كرێن.

**دووەم:**وەزير، بۆى هەيە ،بەڕێوەبەرايەتى،يان بەش، يان هۆبە،لە پێكهاتەكانى وەزارەتدا بەپێى پێداويستى ئيشەكانيان،لە كاتى پێويستدا ،بكاتەوە يان لێكيان بدات،يان پووچـەڵيان بكاتەوە.

**سێيەم:**وەزير بۆى هەيە بەڕێوەبەرايەتى وبەش وهۆبەى نوێ بكاتەوە، يان تێكەڵاويان كـات، يان پووچەڵيان بكاتەوە، لە چوارچێوەى پێكهاتەكانى وەزارەت وبەپێى پێداويـستى كارەكانى.

**ماددەى شەشەم**:

وەزير،بـۆى هەيـە رێككـەوتن ،لەگـەڵ كۆمپانيـا نيـشتمانى و بيانييەكانـدا، لـەبارەى پرۆژەكانى كارەباوە،ببەستێ.

**ماددەى حەوتەم**:كار بەهيچ دەقێك ناكرێت كە ناكۆك بێت لەگەڵ حوكمەكانى ئەم ياسايەدا.

**ماددەى هەشتەم**: پێويستە لەسەر ئەنجومەنى وەزيران و،لايەنە پێوەنديـدارەكان، حوكمـەكانى ئەم ياسايە بخەنەكار.

**ماددەى نۆيەم**:ئـەم ياسـايە لـە رۆژى دەركردنييـەوە دەخرێتـەكارو، لـە رۆژنامـەى فـەرمىى (**وەقايعى كوردستان**) دا بلاودەكرێتەوە.

**مسعود بارزانى**
**سەرۆكى هەرێمى كوردستان - عيراق**

**لە رۆژى (١٦ /١٠/٢٠٠٦)ى زايينى لە هەولێر دەرچووە**
**بەرامبەر ٢٤ / رەزبەر/٢٧٠٦ ى كوردى**

ئـــــەرشيفى رۆژنامەى وەقايعى كـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**هۆکارەکانی دانانی ئەم یاسایە**

لەبەر ئەوەی لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، وەزارەتێکی نویێ،بەناوی (وەزارەتی کارەبا) دانراوەو،فەرمانگەکانی کارەبا، لە فەرمانگەکانی وەزارەتی پێشووی پیشە سازی و وزە،دابڕکراون و، خراونەتەسەر ئەم وەزارەتە نوێیە و، بۆ ئەوەی قورسایی چالاکییەکانی بخاتەسەر بواری بەرهەمهێنان و دابەشکردنی وزەی کارەباو، خزمەتی بەردەوامی بنکەو تۆڕی گواستنەوەو دابە شکردنی وزەی کارەبا بکات و،کارەبا، بۆ هەموو ماڵ و سووچ وقوژبنێکی هەرێمی کوردستان رابکێشی و، پێکهاتەو ئەرکوفرمان و ئامانجەکانی ئەم وەزارەتەش دیاربکرێن،..بۆیە،ئەم یاسایە دانرا.

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان - عێراق**

پشت بەو یاسایەی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان– عیراق داینـاوەو بەپێی حـوكمی مـادە دە/یەكـەم لــە یاسـای ژمـارە(١)ی سـاڵی ٢٠٠٥، یاسـای سـەرۆكایەتی هـەرێمی كوردســـــــــتان– عیراق، ئەم یاسایەمان دەرچواند:

## یاسای ژمارە(٧)ی ساڵی /٢٠٠٦
## یاسای وەزارەتی پلان دانانی هەرێمی کوردستان ـ عیراق

**ماددەی یەکەم**:

مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە، واتاكانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە:

**یەکەم:** هەرێم : هەرێمی كوردستان ـ عیراق.

**دووەم:** وەزارەت : وەزارەتی پلاندانانی هەرێم.

**سێیەم:** وەزیر : وەزیری پلاندانانی هەرێم.

**چوارەم:** بریكار: بریكاری وەزارەتی پلاندانان.

**پێنجەم:** مەڵبەند : مەڵبەندی پێشخستنی كارگێری.

**ماددەی دووەم**:

وەزارەت وەدی هێنانی ئەم ئامانجانەی خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ:

**یەكـەم:** ئامـادەكردنی پلانـەكانی پەرەپێـدانی هـەرێم وپێشخـستنی لــە رووی ئـابووری و كۆمەڵایەتی ومرۆیی ورۆشنبیرییەوە، لە ژێر رۆشنایی پێداویستی یـە هەنووكـەیی یـە چاوەڕوانكراوەكانی كۆمەڵگا.

**دووەم:** بەبەشداربوونی وەزارەتەكان و كەرتە حكـومی یـەكان و كـەرتی تایبـەت ، تێكـڕای ئاماژەكانـــی پلانـــە درێـژو مامـــناوەند وكورتخـایەنەكـــان ئـامـادەدەكـــات بـــەو ئـامـانـج و سیاسەتانە شەوەكە لە خۆی دەگرێت.

ئـــــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كـــــــــوردستان

**سێیەم:** ئامادەكردنی پلان بـۆ چارەسـەركردنی كێـشە جۆراوجـۆرە كۆمەڵایەتیـەكان بـە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەت و دامودەزگا پێوەندیدارەكاندا.

www.mojkurdistan.com

**چــوارەم:** پـلان بـۆ وەبـەرهێنانی حكـومی دادەنـێ وپـارەی تـەرخانكراوی وەبەرهێنـەكی (الاستثمارية) لە بوودجەی گشتی دەوڵەتدا پێشنیازیش دەكا و بـە پێـی ی پارێزگـا وناوچــە شارنـــشین ودێهـــات نـــشینەكان دابەشـــبكرێ و، رەچـــاوكردنی گرنگتربــوون(الاولويــة) لـــە دیـــاریكردنی پرۆژەكـــانی ئاوەدانكردنـــەوە كـــە لەسەربووجەی وەبەرهێنەكی (الاستثمارية) دارایی دەكرێن (تمول) بەهەمانـەنگی لـە گــەڵ گــشت ئــەو وەزارەتانــەدا كــە پەیوەندیــدارن وبــە دواداچــوونی بــاش جێبەجێكردنیان.

**پێنجەم:** ئامادەكردنی بەرنامەی گشتگیرو درێژخایـەن وكورتخایـەن و سـاڵانە بـۆ سـازكردنی هێزی كاری مرۆیی پێویست بەهاوكاریی زانكۆو دەزگاكانی فێركردن.

**شەشەم:** هاوكاری كردن لـەگەڵ دەزگا حكومییەكان لە ئامادەكردنی لێكۆڵینەوەی پێویـست بــۆ بــەرەوپێش بردنیــان و تازەكردنــەوەو باشــتركردنی ڕێكخــستنی ئیــداری و بەرزكردنــەوەی ئاســتی توانــستی راپەڕانــدنی كارتیایانــدا و،گەشــەپێدانی توانــستی سەركردە ئیداری و هونەرییەكان ومەشق پێدانی ئاستە جۆر بەجۆرەكان.

**حەوتــەم:** كــاركردن بــۆ دروســتكردنی هاوســەنگی لــە نێــوان سەرچــاوەكانی دەرامــەت وپێداویستەكانی گەشەپێدان بەدانانی پرەنسیپ و ئاراستەی گشتی بـۆ بـەڕێوەبردنی ستراتیجیەتی گەشە پێدانی ئابووری وكۆمەڵایەتی.

**هەشــتەم:** بایەخــدان بــە دامەزرانــدنی حكومــەتی ئــەلیكترۆنی،بۆ كۆكردنــەوەی زانیــاری، دامەزرانــدنی بــانكی زانیــاری و،پێڕۆكردنــی شــێوازی ڕوون ودیــار(**شــفاف**)لــە دامەزراندنی حكومەتی دەزگاییدا.

**نۆیەم:** بەشداریكردن لـەگەڵ حكومەتی عیراقی فیدراڵ بۆ دۆزینەوەی سەرچاوەی پارەدەرو یاریدەی هونـەری لــە دەوڵــەت ودەزگــا نێودەوڵەتییــە بەخــشەرەكانەوە.هــەروەها بەشـــداریكردن لـــەو دانوســـتانانەی كـــە لەگـــەڵ لایەنـــە بەخـــشەرەكاندا بەڕێوەدەچــێ،تا،بەڵێنەكانی خۆیــان ببەنەســەرو،یارمەتی وبەخــشش و قــەرزیان لــێ وەدەســتكەوێ و،بـــە هەماهـــەنگی لـەگـــەڵ وەزارەتـــی دارایـــی وئـــابووری هەرێمدا،پرۆژەكانی هەرێمی پێ دارایی بكرێ (تمول).

ئـــــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كــــــوردستان

**دەیەم:** هاندانی كەرتی تایبەت و،وەبەرهێنانیی خۆماڵی وبیـانی، بۆئـەوەی لـەگەشـەپێدانی ئـــابووری هەرێمـــدا بەشـــداری بكـــەن.هەروەها،سیاســـەت وڕێگاكـــانیش

www.mojkurdistan.com

پێشنیازدەکا،کەئەم کەرتە چالاکتربکا بەهاوکاریی دەزگا پێوەندیدارەکانی حکومەت.

**یازدە:** بەهەماهەنگی لەگەڵ دەزگای مەرکەزیی پێوەرکاری (التقييس)وکۆنترۆڵی جۆرەکی (النوعية)وەزارەتی پلان دانان وهاوکاریی وگەشەپێدانی عیراقی فیدراڵدا سیستەمێکی نیشتمانی بۆ پێوەرکاری وکۆنترۆڵی جۆرەکی لە هەرێمدا پێرۆدەکاو،پشت بە مواسەفاتی عیراقی وجیهانییش دەبەستێت و، چاودێری بەکارخستنیان دەکاو،پشکنین وشیکردنەوەو لێکۆڵینەوەی تایبەت بە پێوەرکاری وکۆنترۆڵی جۆرەکی ئەنجام دەدات و،ئامۆژگاری دەدات لەبارەی ئەم مەسەلانەوە بە هەموو لایەێکی حکومی و ئەهلی لە هەرێمدا،گەر بیانەوێ.

**دوازدە:** کردارەکانی ئامار(احصاء) لە هەرێمدا بەجێ دێنێ،کە پێوەندییان بە سەرژمێرییە گشتیەکانی دانیشتوانی هەرێم و خانوەکان ورووپێوی ئامادەیی تایبەت بە کەرتە جۆر بە جۆرەکانی هەرێمەوە هەیە.ئەم کارەش،بە هەماهەنگی لەگەڵ دەزگای عیراقی فیدراڵ ، بەجێ دێنێ.

**سیازدە:** لەکاتی ئامادەکردنی پلان وبەرنامەکانی وەزارەتەکە دا، سەلامەتیی ژینگەی هەرێم ڕەچاودەکا.

## پێکهاتەکانی وەزارەت

**ماددەی سێیەم**: وەزارەت لەمانەی خوارەوە پێك دێت:

**یەکەم:** وەزیر: سەرۆکی بالاو بەرپرسی ئیش وکارو ئاراستەکردنی سیاسەت وسەرپەرشتی و چاودێری دەکات وهەموو بڕیارو فەرمان وڕێنماییەکیش پێوەندییان بە ئەرکوفرمان وپێکهاتەو سەڵاحییات و،کاروباری دیکەی هونەری ودارایی وئیداری و ڕێکخستنی وەزارەتەکەوە هەیە،بەپێی ئەم یاسایە لە وەزیرەوە دەردەچن وبە سەرپەرشتیی خۆی جێبەجێ دەکرێن.بەرامبەر بە ئەنجومەنی وەزیرانیش بەرپرسە،وەکو ئەندامیکی دەستبەر لە ئەنجومەنەکەدا.وەزیر بۆی هەیە، هەندێ لە سەڵاحیاتی خۆی بە بریکاری

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

وەزارەت يان بە بەڕێوەبەرە گشتييەكان يان بە هەر فرمانبەرێكی دیكە بسپێری كە خۆی بە باشی بزانیێ.

**دووەم:** بریكاری وەزارەت:لە چوارچێوەی سـەلاّحییاتدا كـە پێـی دەسـپێردرێ،یاریدەی وەزیـــــر دەدات لـــــــە ئاراســــتەكردنی وەزارەت وسەرپەرشـــــتیكردنی كاروبارەكانیدا،بەمەرجێ بڕوانامەیەكی بەرایی زانكۆی هەبێ و،خاوەن ئـەزموون و پسپۆڕبێت.

**سێیەم:** نووسینگەی وەزیر:فرمانبەرێ،بەپلــەی بەڕێوەبەر،بــەڕێوەی دەبـا، بڕوانامەیـەكی بەرایی زانكۆی هەبێ.ژمارەیێ فرمانبەریش یاریدەی دەدەن.

**چوارەم:** نووسینگەی بریكـاری وەزارەت: فرمانبەرێ،بەپلــەی بەڕێوەبەر،بـەڕێوەی دەبـا، بڕوانامەیەكی بەرایی زانكۆی هەبێ.ژمارەیێ فرمانبەریش یاریدەی دەدەن.

**پێنجەم:** ڕاوێژكاران:ژمارەیـان لـەچـواركەس زیاترنییـە.مەرجیـشە بڕوانامەیـەكی بـەرایی زانكۆیان هەبێ و، خاوەن ئەزموون وكەر دەش (ممارسة) بن.

**شەشەم:** دەستەی ئاماری هـەرێم:فرمانبـەرێ بەپلــەی بەڕێوەبـەری گـشتی سـەرۆكایەتیی دەكا،برانامەیەكی بەرایی زانكۆی هەبێ.ئەركوفرمانی خۆی بەپێی سەلاّحییاتێ كە پێی دەسپێردرێ ،هەلّدەسووڕێنێ.

**حەوتەم:** دەستەی پێوەركاری (التقييس)و كۆنترۆلّی جـۆرەكی لــە هەرێمـدا:فرمانبـەرێ بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی سـەرۆكایەتیی دەكا،بڕوانامەیـەكی بـەرایی زانكـۆی هەبێ.ئەركوفرمانی خۆیشی بەپێی سەلاّحییاتێ كە پێی سپێردراوە هەلّدەسووڕێنێ وبەڕێوەبەرایەتیەكانی پێوەركاری وكۆنترۆلّی جۆری لــە پارێزگاكـان وابـستەی دەبن.

**هەشتەم:** بەڕێوەبەرایـەتی گـشتیی كاروبـاری كـارگێڕی ودارایـی:بەڕێوەبـەرێكی گـشتی سەرۆكایەتیی دەكا، بڕوانامەیەكی بەرایی زانكۆی هەبێ.ئەركوفرمانی زامنكردن ورێكخـستنی پێداویـستەكانی كـار، دەگرێتـە ئەسـتۆ.لــەم بەڕێوەبەرایەتییانـەی خوارەوە پێك دێت:

أ- بەڕێوەبەرایەتیی كاروباری كارگێڕی.

ب- بەڕێوەبەرایەتیی كاروباری دارایی.

ج- بەڕێوەبەرایەتیی كاروباری یاسایی.

ئـــــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

د– بەڕێوەبەرایەتیی تاکەکان.

هـ– بەشی پۆلێن کردنی (مقاولەکان) بەلێندەرەکان.

**نۆیـــەم:** بەڕێوەبەرایـــەتی گـــشتی ئامـــادەکردن وهەماهـــەنگی کردنـــی پلانـــەکانی گەشەپێدان:بەڕێوەبەرێکی گشتی سـەرۆکایەتی دەکـا بەمـەرجێ بڕوانامەیـەکی بەرایی زانکۆیی هەبێت ولـەم بەڕێوەبەرایەتیانەی خوارەوە پێك دێت:ـ

أ– بەڕێوەبەرایەتی پلانەکانی گەشەپێدان.

ب– بەڕێوەبەرایەتی پلاندانانی ئابووری.

ج– بەڕێوەبەرایەتی پلاندانانی کشتوکاڵی.

د– بەڕێوەبەرایەتی پلاندانانی پیشەسازی.

هـ– بەڕێوەبەرایەتی پلاندانانی گەشتیاری.

و– بەڕێوەبەرایەتی پلاندانانی بیناسازی ونیشتەجێ وخزمەتگوزاریەکان.

ز– بەڕێوەبەرایەتی پلاندانان بۆ گواستنەوەوگەیاندن.

**دەیـــــەم:** بەڕێوەبەرایـــــەتی گـــــشتی پلانـــــدانانی پڕۆژەکـــــانی بوودجـــــەی وەبەرهێنـــەکی:بەڕێوەبـــەرێکی گـــشتی ســـەرۆکایەتی دەکـــات بەمـــەرجێ بڕوانامەیەکی بەرایی زانکۆیی هەبێت وپێك دێت لـەم بەڕێوەبەرایەتیانـەی خوارەوە:

أ– بەڕێوەبەرایەتی لێکۆڵینەوەی گرنگتربوونی(الاولویە) پڕۆژەکان.

ب– بەڕێوەبەرایەتی دابەش کردنی پڕۆژەکان.

ج– بەڕێوەبەرایەتی چاکێتی (جدوی) پڕۆژەکانی گەشەپێدان.

**یازدەم:** بەڕێوەبەری گشتی پەرەپێدانی مرۆیی:بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکـات بەمەرجێ بڕوانامەیەکی بەرایی زانکۆیی هەبێت ولـەم بەڕێوەبەرایەتیانەی خـوارەوە پێك دێت:ـ

أ– مەڵبەندی هەرێمی بۆ پێشخستنی کارگێری.

ب– بەڕێوەبەرایەتی سیاسەتەکانی هێزی کاروکارپێکردن.

ج– بەڕێوەبەرایەتی سیاسەتەکانی پەروەردە وفێرکردن.

د– بەڕێوەبەرایەتی سیاسەتەکانی پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی.

هـ– بەڕێوەبەرایەتی تەکنەلۆجیای زانیاری.

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**دووازدەم:** بەڕێوەبەرایـەتی گـشتی هەماهـەنگی وهاوكـاری پەرەپێـدان:بەڕێوەبـەرێكی گـشتی سـەرۆكایەتی دەكـا بەمـەرجێ بڕوانامەیـەكی بـەرایی زانكـۆیی هەبێت،ولـەم بەڕێوەبەرایەتیانەی خوارەوە پێك دێت:

أ- بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیەكان.

ب-بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی كاروباری وولاَتە بەخشەرەكان ورێكخـراوە نێودەوڵەتیەكان.

ج- بەڕێوەبەرایەتی سیاسەتەكانی هاندانی كەرتی تایبەت ووەبەرهێنان.

**ماددەی چوارەم:**

وەزیر بۆی هەیە گرێبەست بكات لـەگەل كەسانی سرووشتی ومەعنەوی لـەوانەی خـاوەن پسپۆری وشارەزان لـەناوەوەی هەرێم ودەرەوەیدا بۆ ئەنجامدانی ئەو ئەرك و فەرمانانـەی كـە پێیان دەسپێردرێت وبۆ ئـەو مـاوەی بـە گونجـاوی دەزانێـت ئـەویش بـۆ جێبـەجێ كردنـی ئامانجەكانی وەزارەت و، مـاف وپابەندیـەكانیان لـەلایـەن وەزیـرەوە دیـاری دەكرێـت پـاش ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران.

**ماددەی پێنجەم:**

**یەكەم:** فرمان وئەركەكان وپێكهاتەكانی وەزارەت بەپێڕۆیەك دیاری دەكرێت.

**دووەم:** وەزیر بۆی هەیە بەڕێوەبەرایەتی وبەش وهۆبەی نوێ بكاتەوە، یـان تێكـەلاَویان كـات، یان پووچەلێان بكاتەوە، لـە چوارچـێوەی پێكهاتـەكانی وەزارەت وبـەپێی پێداویـستی كارەكانی.

**سێیەم:** وەزیر بۆی هەیە رێنمـایی پێویـست دەربكـات بـۆ ئاسـانكاری جێبـەجێ كردنـی حوكمەكانی ئەم یاسایە.

**ماددەی شەشەم:**

كاربە هیچ دەقێك ناكرێت پێچەوانەی حوكمەكانی ئەم یاسایە بێت.

**ماددەی حەفتەم:**

پێویستە لـەسەر ئەنجومەنی وەزیران ولایەنە پەیوەندیدارەكان حوكمـەكانی ئـەم یاسـایە جـێ بەجێبكەن.

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**ماددەی هەشتەم**:

ئــەم یاســایەکاری پێــدەکرێت لــە رۆژی دەرچــوونیەوەولـە رۆژنامــەی فــەرمی(وەقــایعی کوردستان) بڵاو دەکرێتەوە.

**مسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان - عیراق**

لە رۆژی (١٦ /١٠/٢٠٠٦)ی زایینی لە هەولێر دەرچووە

بەرامبەر ٢٤/ ڕەزبەر/٢٧٠٦ ی کوردی

**هۆی دەرچوونی ئەم یاسایە**

لـەبەرتازە دامەزرانــی وەزارەتێـك لـە حکومــەتی هەرێمی کوردستان بۆ دانــانی پلانــی گەشەپێدانی هەرێم وبەرەوپێش بردنی لـەرووی ئابووری وکۆمەڵایەتی ومرۆیــی ورۆشــنبیری یەوە لـەژێر رۆشنایی پێداویستیە هەنووکەییەکانی کۆمەڵگای کوردســتانی وئــەوەی پێــشبینی دەکرێن،هەروەها هاوکاری کردنی دامودەزگاکانی حکومەت لـە ئامادەکردنی لێکۆڵینەوەی پێویست بۆ بــەرەوپێش بردنــی ونــوێ کردنــەوەی وبــەڕێوەبردنی ســتراتیجیەتی پەرەپێــدانی ئابووری وکۆمەڵایەتی وچارەسەر کردنی کێشە کۆمەڵایەتیــە جۆراوجۆرەکــان وســازکردنی هێزی مرۆیی.بۆیە بە پێویست زانرا یاسایەك دەربکرێ فرمــان وئامانجــەکانی ئــەم وەزارەتــەو بەڕێوەبەرایەتیەکانی دیاری بکات وفرمانی هەریەکێکیان رێك بخات. بۆ ئــەو مەبەســتانە ئــەم یاسایە دەرکرا.

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق**

پشت بەو یاسایەی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان– عیراق داینـاوەو بـەپێی حـوکمی مـادە دە/یەکەم لە یاسای ژمارە(١)ی ساڵی ٢٠٠٥، یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان– عیراق، ئەم یاسایەمان دەرچواند:

# یاسای ژمارە( ٨ )ی ساڵی / ٢٠٠٦
# یاسای وەزارەتی کاروباری
# شەهیدان و ئەنفالکراوانی هەرێمی کوردستان ـ عیراق

**ماددەی یەکەم**:

مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە، ماناکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستەکانی ئەم یاسایە:ـ

**یەکەم :هەرێم**: هەرێمی کوردستان ـ عیراق.

**دووەم :وەزارەت**: وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی هەرێم.

**سێیەم :وەزیر**: وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی هەرێم.

**چوارەم :بریکاری وەزارەت**: بریکاری وەزارەتی کاروبـاری شـەهیدان و ئـەنفالکراوانی هەرێم.

**پێنجەم: ئەنجومەن**: ئەنجومەنی راوێژکاری وەزارەتەکە.

**ماددەی دووەم**:

وەزارەت، هێنانەدی ئەم ئەرك وفەرمان وئامانجانەی خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ:ـ

**یەکەم:** فەراهەمکردنی چاودێریی ماددی ومەعنەویی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان وبێ سەروشوێنان تابتوانن بە ئازادی و سەربەرزانە بژین.

**دووەم:** زیندوو ڕاگرتنی بۆنە تایبەتیەکان بە یاد کردنەوەی سەرکەشی و نەمریی شەهیدان و ئـەنفالکراوان وکـارکردن بـۆ ناسـاندنی ئـەم تاوانانـە لەسـەر ئاسـتی نێوخـۆیی ونێودەوڵەتی.

ئـــــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــوردستـان
www.mojkurdistan.com

**سێ یەم:** پێشناز کردن و هەموار کردنی یاساو، هەواڵە کردنی بۆ ئەنجومـەنی وەزیـران، بـۆ وەدیهێنانی ئەرك وفرمان وئامانجەکانی وەزارەت.

**چوارەم:** دانانی سیاسەتی گشتی بۆ گەشەپێدان (تنمیه) و وەبەرهێنانی دەرامەتی (موارد) وەزارەتەکەو،لە چوارچێوەی پابەندی یە نەتەوەیی و نیشتمانی و ئامانجـە کۆمەڵایـەتی وئابوورییەکانی خۆیدا ،پاشان جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتە بە پێی یاسا بەرکارەکان.

**پێنجەم:** کارکردن لــە گــەڵ لایەنـە پێوەندیـدارەکان،بۆ گرنگیـدان بـە بـاری پـەروەردەیی وفێرکاری و رۆشـنبیری و کۆمەڵایـەتی وتەندروسـتی و ئـابووری و ئاوەدانکـاریی خــاوخێزانی شــەهید و ئــەنفالکراوەکان و، دانــانی بەرنامــەش بــۆ بــەرەو چــاکتر گۆڕینیان.

**شەشەم:** کۆشش،بۆ راستکردنەوەی واقیعی ژیانی ئەوانەی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە،لە رێگـای هاوکاری و هەماهەنگی وەزارەتەوە لــە گــەڵ پـارەدەرانی (مـولین) نێودەولــەتی و نێوخۆیی وڕێکخراوە حکومی و ناحکومیەکاندا، بەپێی یاسا بەرکارەکان.

**حەوتەم:** دیکۆمێنتکردنی (توثیق) هــەر شـتی ّ پێوەنـدیی بـە شـەهیدان وقوربانیـانی چـەکی کیمیایی یەوە هەیە، بۆ داواکردنی قەرەبووی خێزانەکانیان، لە حکومەتی فیـدراڵی و لەو لایەنانەش کە ئەو چەکانەیان بە عیراق داوە.

**هەشتەم:** کارکردن،بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی عیراقی فیدراڵ و رێکخراوە نێودەولەتییە حکومی و ناحکومیەکاندا، بۆ ئەوەی پلاندانەران و بەجێهێنەرانی ئەو جینوسـایدەی دەرهەق بە گەلی ئێمەیان کرد، بدرێنە دادگا پێوەندیدارەکان و،سزا بدرین.

**نۆیەم:** هاوکاری لەگەڵ لایەنە پێوەندیدارەکان، بۆ دەسەبەرکردنی نیشتەجیّ یەك(سكن) بـۆ خاوخێزانی شەهیدو ئەنفالکراوو قوربانیانی چەکی کیمیایی.

**دەیەم:** گەران بە دوای چارەنووسـی ئـەنفالکراوەکان و دۆزینـەوەی گـۆڕە بـە کۆمەڵـەکان وگێڕانەوەیان بۆ زێدی خۆیان.

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

# پێکهاتەکانی وەزارەتەکە

**ماددەی سێیەم:**

**یەکەم:**

**وەزیـــــر:** ســــەرۆکی باڵاو،بەرپرســــی ئــــیش وکــــارو ئاراســــتەکاری سیاســــەتی وەزارەتەکەیەو،سەرپەرشتی وریقابەی دەکا،وبۆی هەیە هەندێ لە دەسەڵاتەکانی بە بریکاری وەزارەت،بەڕێوەبەرە گشتییەکان،یان بەوکەسەی لە وەزارەتدا بەشـیاوی دەزانێ، بسپێرێت، هــەموو ئــەو بڕیــارو فــەرمان ڕێنماییانــەی کــە پێوەنــدییان بــە ئەرکوفرمان وپێکهاتەو دەسەڵات و،کاروباری دیکەی هونەری ودارایی وئیـداری ورێکخستنی وەزارەتەکەوە هەبێ،بەپێی حوکمـەکانی ئـەم یاسـایە، لــە وەزیـرەوە دەردەچن و، خۆی سەرپەرشتیی جێبەجێکردنیان دەکا،وەزیر بەرپرسیشە بەرامبەر بە ئەنجومەنی وەزیران،چونکە ئەندامێکی هاوکاری ئەنجومەنەکەیە.

**دووەم:**

**بریکاری وەزارەت:** لە چوارچێوەی سەڵاحییاتدا،کە وەزیر پێی دەسپێرێ یاریـدەی وەزیـر دەدات لــە ئاراســتەکردن وسەرپەشــتکردنی کاروبــاری وەزارەتەکەدا،مەرجیــشە بڕوانامەی زانکۆیی تایبەت بەم ئیشەوەی هەبێت.

**سێیەم:**

**نووســینگەی وەزیــر:** فرمانبــەرێ، بەپلــەی بەڕێوەبــەر ســەرۆکایەتیی دەکاو،بــەڕێوەی دەبا،بڕوانامەیەکی بەرایی زانکۆیی هەبێ،ژمارە یەك فرمانبەریش یاریدەی دەدەن.

**چوارەم:**

**نووسینگەی بریکاری وەزارەت:** فرمانبەرێ، بەپلەی بەڕێوەبەر سەرۆکایەتیی دەکاو،بەڕێوەی دەبا،بڕوانامەیەکی بەرایی زانکۆیی هەبێ،ژمارە یەك فرمانبەریش یاریدەی دەدەن.

**پێنجەم:**

**راوێژکاران:**لە چوارکەس زیاتر نـابن،دەبێ بڕوانامەیـەکی بـەرایی زانکۆیـان هـەبێ و،خـاوەن ئەزموون وکەردەش بن.

**شەشەم:**

**بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کاروباری ئیداری ودارایی:**فرمانبەرێ سەرۆکایەتیی دەکاو،بڕوانامەیەکی بەرایی زانکۆیی هەبێ و،خاوەن ئەزموون و پسپۆڕیش بێ.ئەم بەڕێوەبەرایەتیانەی خوارەوەش

ئـــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کــوردستان
www.mojkurdistan.com

وابەستى دەبن:ـ

أ– بەڕێوەبەرايەتيى ئيدارەو زاتييە.

ب– بەڕێوەبەرايەتيى ژمێرياری.

ج– بەڕێوەبەرايەتيى لێوردبوونەوەو ريقابەی ناوخۆ.

د– بەڕێوەبەرايەتيى ئامارو لێكۆڵينەوە.

هـ– بەڕێوەبەرايەتيى پلان دانان وبەدواداچوون.

و– بەڕێوەبەرايەتيى كاروباری ياسايى.

**حەوتەم:**

بەڕێوەبەرايەتى گشتيى خزمـەتگوزاريى كـەس وكـاری شـەهيدان وئـەنفالكراوان:فرمانبـەرێ سەرۆكايەتيى دەكا،بڕوانامەيەكى بەرايـــى زانكـــۆيى هـەبێ،خاوەن ئـەزموون وپســپۆڕيش بێ.

**هەشتەم:**

بەڕێوەبەرايەتى گشتيى كاروباری شەهيدان وئەنفالكراوان لە پارێزگاكانى هەرێمدا:فرمانبـەرێ سەرۆكايەتيى دەكا،بڕوانامەيـەكى بـەرايى زانكـۆيى هـەبێ و،خـاوەن ئـەزموون وپسپۆڕيش بێ.ئەم بەڕێوەبەرايەتييانەی خوارەوە وابەستى دەبن:ـ

أ– بەڕێوەبەرايەتيى كاروباری شەهيدان.

ب– بەڕێوەبەرايەتيى كاروباری ئەنفالكراوان.

ج– بەڕێوەبەرايەتيى ئيدارە وزاتييە.

د– بەڕێوەبەرايەتيى ژمێرياری.

هـ– بەڕێوەبەرايەتيى لێوردبوونەوە.

و– بەڕێوەبەرايەتيى راگەياندن وپێوەنديكاری.

ز– بەڕێوەبەرايەتيى كاروباری ياسايى.

**ماددەی چوارەم**:دەستەی گشتى بۆ بەڕێوەبردن و وەبـەرهێنانى داهاتـەكان خـاوەن كەسـايەتى مەعنەوی وسەربەخۆيى دارايى وكارگێڕيە،فەرمانبـەرێك بەپلـەی بەڕێوەبـەری گـشتى سەرۆكايەتى دەكات وبەڕێوەی دەبـات كـە بڕوانامـەی بـەرايى زانكـۆيى بـە دەسـت هێنابێت وخاوەن لێزانى وپسپۆڕی بێت.

ئـــــەرشيفى ڕۆژنامەی وەقايعى كــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**ماددەی پێنجەم**: دەستە بوودجەیەکی سەربەخۆی دەبێت کە چاوگەکانی ئەمانەی خوارەوەن:ـ

**یەکەم**: بەخشینی ساڵانەی حکومەتی هەرێم.

**دووەم**: پێدان وبەخشین وبارەبوەکان.

**سێیەم**:داهاتە داراییەکانی دەستە.

**چوارەم**:دەسکەوتی چالاکیەکانی وەزارەت ودەستە.

**پێنجەم**:ئەوەی لە پرۆژە وەبەر هێنانەکانی دەست دەکەوێت.

**شەشەم**:داهاتی پسولەی یانەسیب بەمەرجێك بە یاسا رێکبخرێت.

**حەوتەم**:بەرکەوتی وەزارەت لە قەرەبوەکانی حکومەتی فیدراڵی لەو زیانانەی بەر کوردستان وهاولاتیانی کەوتوە لە ئەنجامی هەڵمەتەکانی ئەنفال وبەکار هێنانی چەکی کیمیاوی.

**ماددەی شەشەم**:دەستە ئەنجومەنێکی کارگێڕی دەبێت کەسەرپەرشتی سەرجەم چالاکیەکانی کارگێڕی ودارایی وهونەری دەکات وبەتایبەتیش ئەم کارانە دەکات:ـ

**یەکەم**:کارکردن بۆ بەرەوپێش بردنی کاری دەستە وپێرەوە کارگێڕی ودارایی وهونەریەکانی.

**دووەم**:دانانی سیاسەتی گشتی بۆ بەڕێوەبردن ووەبەرهێنانی موڵك وسامان وداهاتەکانی دەستە بە پێی ئامانجەکانی وەزارەت.

**سێیەم**:دان نان بە بوودجەی ساڵانەی دەستە وحیسابە کۆتاییەکانی وهەموار کردن لەسەری.

**چوارەم**:رەزامەندی لەسەر گرێبەست وپەیمان وپابەندیە داراییەکان لە چوارچێوەی بوودجەی پەسەند کراوی دەستە.

**پێنجەم**:پەسەندکردنی میلاکی دەستە.

**شەشەم**:لێکۆڵینەوە لەو بابەتانەی وەزیر دەیخاتە روو.

**حەوتەم**:ئامادەکردنی راپۆرتێکی ساڵانەی گشتگیر سەبارەت بە کاری دەستەو چالاکیەکانی بۆ بەردەم وەزیر وپاشان رەوان کردنی بۆ ئەنجوومەنی وەزیران.

**ماددەی حەوتەم**:ئەنجومەنی کارگێڕی دەستەیێك دێنێت لە:ـ

ئـــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کـــــوردستان

أ- سەرۆکی دەستەی گشتی بۆ بەڕێوەبردن ووەبەرهێنانی داهاتەکان / سەرۆك.

ب- بەڕێوەبەرە گشتی یەکانی وەزارەت /ئەندام

www.mojkurdistan.com

ج- بەڕێوەبەری کاروباری یاسایی /ئەندام وبڕیار نووسی ئەنجوومەن.
د- دوو شارەزا لەلایەن وەزیرەوە پالێوراون کە خاوەن شارەزایی وپسپۆرین لە کاروباری دارایی وئابووریدا.

**ماددەی هەشتەم**:ئەنجومەن بەلانی کەم یەك کۆبوونەوەی مانگانە ئەنجام دەدات و وەزیـر یـان سەرۆکی دەستەی گشتی بۆیان هەیە بانگەشە بکەن بۆ کۆبوونەویەکی نائاسایی.

**ماددەی نۆیەم**:بڕیارەکانی ئەنجومەنی کارگێڕی کاریان پێدەکرێت پاش پەسەندکردنی لەلایـەن وەزیرەوە.

**ماددەی دەیەم**:

**یەکەم:**وەزارەت ئەنجومەنێکی راوێژکاری دەبیٚ،لەمانە پێك دێت:ـ
أ- **وەزیر**: سەرۆك.
ب- **بریکاری وەزارەت**:ئەندامەو،لە دیارنەبوونی وەزیردا سەرۆکایەتی ئەنجومەن دەکا.
ج- **بەڕێوەبەرە گشتییەکان**: ئەندامن.
د- **یەك راوێژکار**،وەزیر دیاریی دەکا: ئەندامە
هـ- **نوێنەریٚ**، لە هەریەکە لەم وەزارتانە: (**تەندروستی ، پەروەردە ، کاروباری کۆمەڵایەتی ، پێشمەرگە ، دارایی، ئاوەدانکاری ، رۆشنبیری ، ناوخۆ وکاروبـاری ناوچـەکانی دەرەوەی هـەرێم وفێرکـردن بـاڵاو لێکۆڵینـەوەی زانیـستی**)بەمـەرجیٚ پلـەیان لـە بەڕێوەبەری گشتی کەمترنەبیٚ.

**دووەم:**کاری تایبەتی ئەنجومەن ئەوەیە،راسپێری پێشکەش بەوەزیر بکا،راسپێرییەکەش ئەگـەر وەزیر تەسدیقی بکا،سیفەتی بڕیاری وەزاری وەردەگریٚ.

**ماددەی یازدەم**:

**یەکەم:**ئەرکوفرمان وکارەتایبەتەکانی وەزارەت وپێکهاتەکانی بە پیڕۆ دیاردەکرێن.
**دووەم:**وەزیــر بــۆی هەیە،بەڕێوەبەرایــەتی یــان بــەش یــان هۆبە،لــە پێکهاتــەکانی وەزارەتەکەدا،بەپێی پێداویستی کارو لە کاتی زەروورەدا،بکاتـەوە یـان یـەکیانبخا یان ئیلغایان بکات.

ئـــــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**سێیەم:** وەزیر بۆ بەجێ گەیاندنی هەر ئەرکوفرمانێکی وەزارەتەکە،کەلە ماددەی دووەمی ئەم یاسایەدا هاتووە، بۆی هەیە لیژنەگەلی هەمیشەیی یان کاتی پێك بهێنێ.

**چوارەم:** وەزیر،بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست بۆ بە ئاسانی جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە،دەربهێنێ.

**ماددەی دوازدەم**:

وەزیر،بۆی هەیە،پاش وەرگرتنی موافەقەتی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران،لەگەڵ کەسانی تەبیعی ومەعنەویی وخاوەن ئەزموون و پسپۆری ناوەو ودەرەوەی هەرێمدا گرێبەستی سازبدات،بۆ ئەنجامدانی ئەرك وفرمانێ کە پێیان دەسپێردرێ، لە ماوەیەکدا کە خۆی بە لەباری بزانێ،بەمەبەستی وەدیهێنانی ئامانجەکانی وەزارەت، ماف وئیلتیزاماتیشیان،وەزیر خۆی دیاریان دەکات دوای ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران.

**ماددەی سیانزەم**:

**یەکەم:** یاسای ژمارە (٤) ی ساڵی ١٩٩٧،ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عیراق،یاسای دەزگای شەهید، وبریارەکانی ژمارە ١٨٦لە ١٩٩٩/٦/١٩ و ١٢٦لە ٢٠٠٠/١٠/١٧ و ٢٢ لە ١٢ی کانونی دووەمی ٢٠٠٥ی ئیدارەی سلێمانی پووچەل دەکرێتەوە.

**دووەم:** هەموو مەوجودات وکارمەندانی دەزگای شەهید وبەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەنفال ،لەگەڵ هەموو ئیلتیزاماتی دارایی ومەعنەوی قەرزەکانیاندا دەگوازرێنەوە بۆ وەزارەت.

**ماددەی چواردە**: هەر دەقێ لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا نەگونجێ، ناخرێتەکار.

**ماددەی پانزدە**: دەبێ ئەنجومەنی وەزیران ولایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی شانزدە**:ئەم یاسایە،لە ڕۆژی دەرکردنیەوە دەخرێتەکارو لە(وقایعی کوردستان)دا بلاودەکرێتەوە:

**مسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان - عیراق**

لە ڕۆژی ( ١٦ /١٠/ ٢٠٠٦)ی زایینی لە هەولێر دەرچووە
بەرامبەر ٢٤ / ڕەزبەر/٢٧٠٦ ی کوردی

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

**هۆكارەكانى دانانى ئەم ياسايە**

ئەمڕۆ،ئەگەر گەلی کوردستان مافی شانازیی بە سیستەمی سیاسی ودامودەزگای دەستووری ئێستای خۆیەوە بکا، ئەوشانازییە،هی ئەو کەسانەیە کە بۆ وەدەستهێنانی ئەم دەسکەوتانە ژیانی خۆیان بەخت کرد ومێژووی پڕ ئیفتیخاری گەلەکەمانیان دروست کردو،ڕێگای ئایندەیان بۆ ڕۆشن کردەوە،ئەوانەش،شەهیدەکانی بزاڤی رزگاریخوازی کوردستانن.جا،بۆ وەفاداری و،ڕێز لە قوربانیان و،تەقدیرکردنی شان وشەوکەتیان،هەر دەبوو لایەنێکی پسپۆر پەیدا بکرێ،ئەرکی ماف و ڕێکخراوە وبەدواچوون وجێبەجێکردنی ئەو وەفا وڕێزو تەقدیرە،بگرێتە ئەستۆ، کاروباری ئەو کەمئەندامانە ڕەچاو بکا،کە لە خەباتی ناو ئەم بزووتنەوەیەدا،دووچار بوون،هەر لەبەر ئەوەشە کە ئەم یاسایە دانرا.

ئـــــەرشيفى ڕۆژنامەى وەقايعى كــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان - عێراق**

پشت بەو یاسایەی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان- عیراق داینـاوەو بـەپێی حـوکمی مـادە دە/یەکەم لـە یاسای ژمارە(١)ی ساڵی ٢٠٠٥، یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان- عیراق، ئەم یاسایەمان دەرچواند:

## یاسای ژمارە( ٩)ی ساڵی / ٢٠٠٦
## یاسای وەزارەتی دەرامەتە ئاوییەکانی هەرێمی کوردستان ـ عیراق

**ماددەی یەکەم**:

مەبەست لـەم دەستەواژانەی خوارەوە بۆ ئەم یاسایە واتاکانی بەرامبەریەتی:ـ

**یەکەم:** هەرێم : هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

**دووەم:** وەزارەت : وەزارەتی دەرامەتە ئاوییەکان لـە هەرێمدا.

**سێیەم:** وەزیر : وەزیری دەرامەتە ئاوییەکان.

**چوارەم :** بریکار : بریکاری وەزارەت.

**پێنجەم :** ئەنجومەن : ئەنجومەنی راوێژکاری وەزارەت.

**ماددەی دووەم**:

وەزارەت ئامانجی دەبێ بۆ:ـ

**یەکەم:** دانانی ستراتیژو سیاسەت وپلانگـەلێك بـۆ پەرەپێـدان و گەشـەپێدان ووەبـەرهێنانی دەرامەتە ئاوییەکانی(سەرزەوی و ژێرزەوی)لـە هەرێمدا،وئامادە سازی توێژینەوەکانی بەکەڵکهاتنی تەکنیکی و ئابووری بۆ پرۆژەکانی دەرامەتە ئاوییەکان ودروسـتکردنی بەنـداوو پرۆژەکـانی ئـاودێری و پاراسـتن و بەگەرخـستنیان و هەڵـسەنگاندنی دروستی(سـلامة) بەنداوەکان و بەکارهێنانی ئاو بۆ بەدیهێنانی نمونەترین بـەکارهێنانی ئاوو پاراستنی خاکو خۆڵ لە چوارچێوەی پلانەگشتیەکانی هەرێم دا.

ئـــــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**دووەم**:دانانی پلانگەلی تایبەت بۆ ڕێگرتن لە مەترسییەكانی لافاوو كۆنترۆڵكردنی سێلاّوو گـــۆلی رووبارەكـــان و،ڕێكخـــستن و دابەشـــكردنی ئاوو،چـــاوكردنەوە ووشیاركردنەوەی خەڵك لە گرنگیی پاراستنی سامانی ئاو.

**ســــێیەم**:دابینكردنـــی ئـــاو بـــۆ كەرتـــە بەكاربـــەرەكانی ئـــاوی (كـــشتوكاڵ،ئاوی خواردنەوە،بەكارهێنانی نـاو مـاڵ و بـۆ گەشـتوگوزار،بەكارهێنانی بـۆ پیـشەسازی و وەبـەرهێنانی وزەی كارەبـا..هتـد) بـەپێی پلانگـەلی بریـار لەسـەردراو،بەجۆرێ،كە خزمـەتی گەشـەپێدان بكـات لـە هەرێمـدا و ڕای خۆشـی لەسـەر داواكاریـەكانی دامەزراندنی پرۆژەگەلێ دەدات كە پێوەندییان بە كارخستنەكانی ئاوەوە هەبێ.

**چوارەم**:سەرپەرشتیكردن و بەدواداچوون بۆ جێبـەجێكردنی پرۆژەكـانی دەرامەتـە ئاوییـەكان بـــەپێی ئـــەو پلانـــەی كـــە بریـــاری لەســـەردراوە ئەمەش،بەنـــداوەكان و ئەستێڵەكان(الخزانات)و پرۆژەكانی ئاودێری دەگرێتەوە.

**پێنجەم**:پاراستنی ئاوی سـەرزەوی و ژێـرزەوی لـە پـۆخڵی و،پێـشتریش لایەنـەكانی ژنیگـە بگرێتەوە، بە جۆرێ كە، لەگەڵ پێوەرە نێودەوڵەتیەكاندا بگونجێ.

**شەشەم**: گرتنەبەری ڕێگای هاوچەرخ بـە مەبەسـتی كەمكردنـەوە لەبـەفیڕۆدانی ئـاو لـەكاتی بەكارهێنانیدا لەبوارە جیاكاندا.

## پێكهاتەكانی وەزارەت

**ماددەی سێیەم**:

**یەكەم**:**وەزیر**:سەرۆكی بالاّی وەزارەتەو بەرپرسـە لـە كارەكـانی ئاڕاسـتەكردنی سیاسـەتی وەزارەتەكەو سەرپەرشـتكاری وچـاودێری، هـەموو بڕیـارو فـەرمان و ڕێنماییانـەی پێوەندییان بە ئەركوفرمان و پێكهاتەو سەلاّحییات و كاروباری دیكـەی تـەكنیكی و دارایی وئیداری و ڕێكخستنی وەزارەتەوە هەبێ، بەپێی یاسـا لـە وەزیـرەوە دەرچـێ و،هەرخۆشـی سەرپەرشـتیی جێبـەجێكردنییان دەكـات،و بەرامبـەر بـە ئەنجومـەنی وەزیرانیش بەپرسە، بەو پێیەی كە ئەندامێكی هاوكـارە لـە ئەنجومەنـداو بـۆی هەیـە هەندێك لە دەسترۆییەكانی بدات بە بریكاری وەزارەت، یان بەڕێوەبەرەگشتیەكان، یان ئەوكەسەی بە گونجاوی دەزانێ لە وەزارەتدا.

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كـــوردســـتان
www.mojkurdistan.com

**دووەم:بریکاری وەزارەت:**لە چوارچێوەی ئـەو سـەلاحییاتەی کـە لەلایـەن وەزیـرەوە پێـی دەسپێردرێ و لە ئاراستەکردن و،سەرپەرشتکردنی کاروباری وەزارەتەکەدا،یاریدەی وەزیر دەدات، مەرجیشە بڕوانامەی زانکۆیی هەبێ و پسپۆر بێت.

**سێیەم :راوێژکاران:** ژمارەیان لە چوار کەس زیاتر نـابێ، مەرجیـشە بڕوانامـەی زانکۆیـان هەبێ و، خاوەن ئەزموون وکارایی بن.

**چوارەم: نووسینگەی وەزیر:**فرمانبەرێ بەپلـەی بەرێوەبـەر سـەرۆکایەتیی دەکا،کـە بڕوانامـەی زانکۆی هەبێ،ژمارەێك فرمانبەریش یاریدەی دەدەن.

**پێنجەم: نووسینگەی بریکاری وەزارەت:** فرمانبەرێ بەپلـەی بەرێوەبەر سەرۆکایەتیی دەکا،کە بڕوانامەی زانکۆی هەبێ،ژمارەێك فرمانبەریش یاریدەی دەدەن.

**شەشەم: ئەنجومەنی راوێژکاری وەزارەت پێك دێت لە:ـ**

**أ- وەزیری دەرامەتە ئاوییەکان** :بە سەرۆك.

**ب- بریکاری وەزارە:** بەئەندام ولەحالـەتی دابڕانـی وەزیـر سـەرۆکایەتی ئەنجومـەن دەکات

**ج- بریکاری وەزارەتی کشتوکاڵ** : بە ئەندام.

**د- بریکاری وەزارەتی شارەوانی** : بە ئەندام.

**هـ- بریکاری وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن** : بە ئەندام.

**ز- بریکاری وەزارەتی ژینگە** : بە ئەندام.

**و- بریکاری وەزارەتی کارەبا** : بە ئەندام.

ی- راوێژکارو خاوەن ئەزمونان،لە ناوەوەی یان لـە دەرەوەی وەزارەتەکە،لەوانـەی کە وەزیربیەوێ لە کۆبوونەوەکاندا بەشداربن و ئەنجومـەنیش هـەرکاتێ پێویـست بکا،بە بڕیاری وەزیر کۆدەبێتەوە.

**حەوتەم: بەرێوەبەرایەتی گشتیی کاروباری ئیداری ودارایی:**بەرێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکاو بەرێوەی دەبات کە بڕوانامەیـەکی زانکـۆیی سـەرەتایی بەدەسـتهێنابێ و لـە شارەزا وپسپۆران بێت.

**هەشـتەم: بەرێوەبەرایـەتی گـشتیی پـلان دانـان و بەدواداچـوون:** بەرێوەبـەرێکی گـشتی سـەرۆکایەتی دەکـاو بـەرێوەی دەبـات کـە بروانامەیـەکی زانکـۆی سـەرەتایی بەدەستهێنابێ و لە شارەزا وپسپۆران بێت.

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**نۆیەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ئاودێری و ئاوی سەرزەوەی:** بەڕێوەبەرێكی گشتی سەرۆكایەتی دەكاو بەڕێوەی دەبات كە بڕوانامەیەكی زانكۆیی سەرەتایی بەدەستهێنابیٚ و لە شارەزا وپسپۆران بێت.

**دەیەم: بەڕێوەبەرایەتی گـشتیی ئـاوی ژێـزەوی:** بەڕێوەبـەرێكی گـشتی سـەرۆكایەتی دەكـاو بەڕێوەی دەبات كـە بڕوانامەیـەكی زانكـۆیی سـەرەتایی بەدەسـتهێنابیٚ و لــە شـارەزا وپسپۆران بێت.

**یازدەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتیی بەنداوو كۆگاكانی ئـاو:** بەڕێوەبـەرێكی گـشتی سـەرۆكایەتی دەكاو بەڕێوەی دەبات كە بڕوانامەیەكی زانكۆیی سەرەتایی بەدەستهێنابیٚ و لە شارەزا وپسپۆران بێت.

**دوازدەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتیی توێژینەوەو خشەكێشان:** بەڕێوەبـەرێكی گـشتی سـەرۆكایەتی دەكاو بەڕێوەی دەبات كە بڕوانامەیەكی زانكۆیی سەرەتایی بەدەستهێنابیٚ و لە شارەزا وپسپۆران بێت.

**ماددەی چوارەم:**

وەزیر،بۆی هەیە لەگەڵ كەسـانی سروشـتی و مەعنەوی،لــە شـارەزا پـسپۆری هـەرێم یـان دەرەوەی هەرێمدا ڕێـك بكـەویٚ بـۆ ئەنجامـدانی ئـەو ئـەرك وفرمانـەی پێیاندەسـپێری،لە ماوەیەكـدا كـە وەزیر،خـۆی بـەگونجاوی بزانـیٚ دوای وەرگـرتنی ڕەزامەنـدی ئەنجومـەنی وەزیران،ماف و ئەركیشیان،لەلایەن وەزیرەوە دیاردەكریٚ.

**ماددەی پێنجەم:**

**یەكەم:** پێكهاتەو ئەرك وفرمانی وەزارەت بە پێڕەو دیاردەكرێن.

**دووەم:** وەزیر،بـۆی هەیـە،كاتێك پێویـست بكا،بەڕێوەبەرایـەتی و بـەش و هۆبـەی نـویٚ بكاتەوە، یان یەكیانبخا،یان هەڵیانوەشێنتەوە.

**سێیەم:** وەزیر،بۆی هەیە ڕێنمایی گەڵێك بۆ ئاسانكاری جێبەجێكردنی ئەم یاسایە دەربكات.

**ماددەی شەشەم:**

لەهەر یاساو پێڕۆیەكی بەركاردا(النافذة)ناوی وەزارەتی كشتوكاڵ و ئاودێری هـاتبیٚ و تایبەت بێت بە دەرامەتە ئاوییەكان ئەم وەزارەتە جێگای دەگرێتەوە.

ئـــــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**ماددەی حەوتەم**:

پێويستە لە سەر ئەنجومەنی وەزيران و لايەنـە پەيوەنـدارەكان حوكمـەكانی ئـەم ياسـايە جێبەجیٚ بكەن.

**ماددەی هەشتەم**:

كاربە هيچ دەقێك ناكریٚ لە گەڵ حوكمەكانی ئەم ياسايە دا ناكۆك بێت.

**ماددەی نۆيەم** :

ئەم ياسايە لە رۆژی دەرچواندنيەوە كاری پیٚ دەكریٚ و لە رۆژنامـەی(وەقـايعی كوردسـتان)دا بلاّودەكرێتەوە.

**مسعود بارزانی**
**سەرۆكی هەرێمی كوردستان - عيراق**

لە رۆژی (**٦/١١/٢٠٠٦**)ی زايينی لە **هەولێر** دەرچووە
بەرامبەر **١٥ / گەلاّريزان /٢٧٠٦** ی كوردی

ئـــــەرشيفی رۆژنامەی وەقايعی كـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**هۆكارەكانی دانانی ئەم ياسايە**

لەبەر ئەوەی کە هەرێمی کوردستان بەدەرامەتی ئـاوی دەوڵەمەنـدەو، ئـاویش بـۆ زۆربـەی بوارەکانی ژیان گرنگەو، لـە فراژوکردنـــی ( التنمیـة) ئـابووری و رێکخـستـنی پێوەنـدیکاری و سیاســەتـی نێودەوڵەتـی وئیقلیمی و ناوخۆو، گۆڕانکارییە تازە پەیدابووەکانی وڵاتەکەدا رۆڵێکـی گەورە دەگێڕێ و، بەئامانجی ئەوەش کە سامانی دەرامەتی ئاو فراژوبکرێ و بەرەوچاکتر بگۆڕدرێ و، پڕ بەپێستی وە خزمەت بهێنـرێ (الاسـتخدام الامثـل) زەروورەت وەهـای پێویـست کـرد کـە وەزارەتێکی سەربەخۆو پسپۆڕ، بۆ کاروباری دەرامەتی ئاو دابنرێ، جا، لەبەر ئەوانـە، ئـەم یاسـایە دانرا.

حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی هەرێم بۆکاروباری ناوخۆ

ئـــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان**

**ژمارە: ١٢٩٩٨**

**ڕێکەوت: ٢٠٠٦/١١/٢٦**

## فەرمان

ئاماژە بە بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە ژمارە (٨) لە کۆبوونەوەی ژمارە (٤ لە ٢٠٠٦/١٠/١٢) وەبەپێ ی ئەو دەسەلاتەی پێمان دراوە بڕیارماندا بە پچڕاندنی ناحیەی شەمامك بە گوندەکانیەوە کە ناویان لە خوارەوە هاتووە لە قەزای خەبات وبەستنەوەی بە قەزای ناوەندی هەولێر لە سنوری پارێزگای هەولێر لە ڕۆژی دەرچوونی فەرمانمان.

| ز | کەرت | ناوی گوند | ز | کەرت | ناوی گوند |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ٣٦ | شیراوە | ٢٩ | ٦٧ | شێخ شەروان |
